دەیان هەزار کەس لە سودان هەڵهاتوون بۆ وڵاتانی دراوسێ لەو کاتەی شەڕی ناوخۆ دەستیپێکرد

نزیکەی 200 هەزار کەس لە سودان هەڵهاتوون بۆ وڵاتانی دراوسێ لەو کاتەی شەڕی ناوخۆ و تووندوتیژییەکان لە مانگی نیسانی ڕابردوودا لە وڵاتەکە دەستیپێکرد، وتەبێژی ئاژانسی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی هەینی ڕایگەیاند، دەیان هەزار کەس لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا گەیشتوونەتە وڵاتی چاد.

لەم بارەیەوە وتەبێژی سندوقی منداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونیسێف) وتی، ئاگرێک کارگەیەکی لە خەرتومی پایتەختی سودانی گرتووە کە خەراک بۆ منداڵانی بەدخەراک بەرهەمدەهێنا.